**شەهید بوونی شوانەی سەید قادر**
**ئەندامی چالاکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و**
**هەستانی خەڵکی مەهاباد**




**شەهید شوانە لە بنکەیەکی پێشمەرگەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

سەعات 7ی پاشنیوەڕۆی رۆژی شەممە، 18ی پووشپەڕ، لە کاتێکدا کاك "سەید کەمال ئەسفەرەم" ناسراو بە "شوانەی سەید قادر"، ئەندامی چالاکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و 2 کەس لە دۆستانی، لە سەر کانییەك لە کۆتایی باغی شایەگان بەرووکاری گوندی هەمزاوا، دادەنیشن، لە لایەن سەدان کەس لە هێزەکانی رێژیمەوە گەمارۆ دەدرێن.

کاك شوانە بە تاکسییەك کە پێیان بووە، حەول دەدا لە گەمارۆی هێزەکەی دوژمن خۆ دەرباز بکەن، کە دەکەونە بەر دەسڕێژی چەکی هێزەکانی رێژیم و لە ئاکامدا ماشینەکەیان وەردەگەڕێ. بە داخەوە لە یەکەم دەسڕێژدا شوانە دەپێکرێ بەڵام تێدەکۆشێ بە یارمەتی خەڵکێ کە بە دوای تەقەکەدا کۆببوونەوە خۆ لە شوێنی رووداوەکە دووربخاتەوە. هێزەکانی رێژیم، تەقە لەو خەڵکە دەکەن کە بە هانای شوانە و دۆستانیەوە چووبوون.

سەرەنجام، پاش چەن دەسڕێژی دیکە، شوانە بۆ جاری دووهەم دەپێکرێ و دەکەوێ بەڵام نامرێ. دوژمنانی قین لە دڵی کورد کاتێ دەگەنە سەر شوانە، بە پێلاقە بە سەریدا دەدەن و بە مۆتۆرسیکلێت بە سەریدا دەڕۆن. ئینجا باری ماشینێکی دەکەن و لە دەرەوەی شاری لە کەمەربەندی بە دوای ماشینەکەدا بەرەو ورمێ رایدەکێشن. لە ئاکامی ئەم کردەوە دژی ئینسانییەدا کە هەر لە داگیرکەرانی کوردستان دەوەشێتەوە، کاك شوانە گیاندەسپێرێ.

کاك "شوانەی سەید قادر" کە بە ناسنامە ناوی" سەید کەماڵ ئەسفەرەم" بوو لە رێکەوتی 2004/10/23دا، بۆ خەبات لە پێناو ئازادیی و رامالێنی دوژمنی داگیرکەر، پێوەندیی بە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە کرد و پاش تێپەڕ کردنی خولێکی پەروەردەیی، ئەرکی کار و چالاکیی لە شاری مەهابادی گرتە ئەستۆ و بەناوی رێکخراوەیی "کوردۆ"وە بەرەو شارەکەی قازی گەڕایەوە.

شەهید سەید کەماڵ، لەو ماوەیەدا، دڵسۆزانە بۆ بەهێزکردنی بنکەی کۆمەڵایەتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان تێدەکۆشا و رۆژانە چالاکی جۆراجۆری بەڕیوە دەبرد. لەوانە نووسینی دروشم، هەڵکردنی ئالای کوردستان و

هێنانی خوارێی ئالای داگیرکەر و هاندانی لاوان بۆ پێشمەرگایەتی و بڵاوکردنەوەی سیدی و گەیاندنی دەنگوباس بە سەرکردایەتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان..هتد. هەروەها رێکخەر و دەسپێکەری زۆر هەستان و رێپێوان بوو لە مەهاباد؛ وەك نەورۆز و سەرکۆماری مام جەلال و سەرۆکایەتی بارزانی و تەحریمی هەڵبژاردنی سەر کۆماری رێژیم و تێکەوە پێچانی ستادی تەبلیغاتی رەفسەنجانی لەو شارە. هەر بۆیە دام و دەزگاکانی دوژمنی داگیرکەر قینێکی زۆریان لە " شوانە" هەڵگرتبوو. بەڵام هەر بەو رادەیەی دوژمن قینی لێهەڵگرتبوو، ببووە خۆشەویستی خەڵکی مەهاباد و ناوی شوانە، و چالاکیی و ئازایەتییەکانی دەمبەدەم دەگەڕا.

ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 19ی پووشپەڕ، کاتێ کە هەواڵی شەهید بوونی شوانە و بێحورمەتیکردن بە تەرمەکەی بە هەموو مهابادا بڵاببووە، هەزاران کەس رژانە سەر شەقامەکان و لە چوارریانی ئازادییەوە بەرەو فەرمانداری و پاشان باغی شایەگان و دوایە بەرەو ماڵی شەهید شوانە لە "بەری شیلانان" بەرێکەوتن. پاش گەیشتنەوەی تەرمەکەی بەسەر شانەوە بەدەم سرودی ئەی رەقیب و دروشمی شۆڕشگێڕانەوە بەرەو دوا مەنزڵیان برد.

لە سەعات 1:30 دەقیقەی پاش نیوەشەودا تەرمی شەهید شوانە بە خاك سپێردرا و تا سەعات نزیکەی 3ی بەرەبەیان، کۆبوونەوە و رێپێوانی خەڵك درێژەی کێشا.

شایانی باسە کە، هێزەکانی رێژیم لە ترسی تووڕەیی خەڵك زاتی خۆ دەرخستنیان نەبوو و هەموو لە کون خزا بوون.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەر لەو کاتەدا کە پرسە و سەرەخۆشی پێشکەشی بنەماڵە و کەسوکاری شەهید شوانە دەکا، هەزاران سڵاو دەنێرێ بۆ ئەمەگناسیی و بوێری رۆڵەکانی شاری پێشەوا.

**هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید شوانە**

**و سەرجەم شەهیدانی رێبازی کوردایەتی**

20/**پووشپەڕی**/2705

11/**جولای**/2005

www.ruk2691.com

کوردستان (ناوەندی) Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467

ئەمریکا Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389

ئوروپا Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157

ئادریس: باشوری کوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، کۆڵانی19 ، گەڕەکی – 336مامۆستایان، ژمارەی خانوو (7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467